


# جۆرە ئەدەبیەکانی کتێبی پیرۆز


پێشەکی ........................................................................................................ 1

هێڵکاری ....................................................................................................... 2

یەکەم جۆر : گێڕانەوەی چیرۆك ............................................................................ 3

دووەم جۆر : هۆنراوە ....................................................................................... 5

سێیەم جۆر : نووسینی ڕاستەوخۆ (یاسا و نامە) ...................................................... 7

دەرئەنجام ...................................................................................................... 8

سەرچاوەکانی توێژینەوە ..................................................................................... 9



کاتی بلاوکردنەوە: مانگی دوو، ٢٠٢٥

توێژینەوەی ئینجیلی

# پێشەکی

## مەبەست و ئامانجی ئێمە

- ئامانجی سەرەکی (توێژینەوەی ئینجیلی) یارمەتیدانی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت باشتر لە ئینجیلی پیرۆز تێبگەن.
- ئەم کۆرسەش مەبەستێکی تایبەتی هەیە: تێگەیشتن لە کتێبی پیرۆز لە ڕووی ئەدەبیاتەکەیەوە.
- هیوا دارم کە بە هۆی ئەم وانانەوە چەند ئامرازێکی نوێ وەر بگرن بۆ لێکدانەوەی جۆرە ئەدەبیەکانی کتێبی پیرۆز.

## پێکهاتەی کتێبی پیرۆز

- کتێبی پیرۆز شەست و شەش پەرتووکی تێدایە. ئەم شەست و شەش کتێبانە زۆر جۆری ئەدەبییان تێدایە. نووسینی ئەم کتێبانە لە هەزار ساڵ زیاتری پێ چوو. چەندەها نووسەر و سەرنووسەری هەبوو. هەندێك لە نووسەرەکان بەناوی خۆیان ناسراون، بەڵام هەندێکیان نەناسراون.
- باوەڕمان وایە کە هەموو ئەم نووسەرانە لە ڕۆحی پیرۆزەوە ئیلهامیان وەرگرت تاکو کتێبی خۆیان بنووسن. بەڵام کتێبی پیرۆز بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەر نەبووەوە لە ئاسمان. خوداوەند بڕیاری دا لەگەڵ مرۆڤ هەرەوەزی بکات بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی.
- لەبەر ئەم ڕاستیە هەر کتێبێك شاز و جیاوازە لە ئەوانی دیکە. هەر نووسەرێك ستایل و شێوازی خۆی هەبوو بۆ نووسین و هەریەکیان لە کات و شوێنی خۆی دەژیا و ئەزموون و کاری خۆی هەبوو. ئەوشتانەش کاریگەرییان هەیە لەسەر نووسینی پەرتووکەکان. خوداوەند کەسایەتی نووسەرەکانی نەشاردەوە بەڵکو بەکاری هێنان.
- **بە پوختی :** کتێبی پیرۆز  پێك هاتووە لە ئەدەبیاتی دێرین. لە ڕۆحی پیرۆزەوە ئیلهام وەرگیرا و بە نووسەرانی جولەکە نوسرا. هەموو پەرتووکەکان یەکگرتوون بەڵام لەهەمان کاتدا هەریەکێکیان ڕوانگە و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

## ڕێسایەکی گشتی بۆ لێکدانەوەی کتێبی پیرۆز : گرنگیدان بە چوارچێوەکە

- چوارچێوەی مێژوو
  - کتێبەکە بە دەستی کێ نووسرا؟  ئاراستەی کێ کرا؟
  - لە چ شوێنێك نووسرا؟  لە چ سەردەمێك نووسرا؟
  - بارودۆخی نووسەرەکە چی بوو؟  کاهینێك بوو؟  پێغەمبەرێك بوو؟  پاشایەك بوو؟  لە سەردەمی شانشینی ئیسرائیل دەژیا؟ لە سەردەمی دەربەدەربوونی ئیسرائیل دەژیا؟ لە سەردەمی نێردراوەکانی مەسیح دەژیا؟ تەنها یەك نووسەر هەیە یان زیاتر؟
- چوارچێوەی کلتور
  - نەریتێك لە کلتورێکی دێرین ئەم دەقە ڕوون دەکاتەوە؟ مانای کردار و وشەکانی ئەو دەقە لە سەردەمی خۆیدا جیاواز بوو لە سەردەمی ئەمڕۆ؟
- چوارچێوەی ئاینناسی
  - چ باوەڕێك سەبارەت بە خودا یان مرۆڤایەتی یان دونیا ئەم دەقە ڕوون دەکاتەوە؟
  - نووسەرەکە ڕوانگەیەکی تایبەتی هەبوو یان هۆکارێکی تایبەتی هەبوو؟
- چوارچێوەی ئەدەبی
  - ئەم دەقە بەشێکە لە پەرتووکێکی گەورەتر؟
  - پێش ئەم دەقە چی لێ هاتووە؟  پاشەوەش چی لێ دێت؟
  - جۆرە ئەدەبیی ئەم دەقە چیە؟  چیرۆکە؟  هۆنراوەیە؟  نامەیە؟  -  لەم کۆرسەدا تەرکیز دەکەین لەسەر ئەم پرسیارە.

# جۆرە ئەدەبیەکان لەناو کتێبی پیرۆز

| | گێڕانەوەی چیرۆك | هۆنراوە | نووسینی ڕاستەوخۆ |
|---|---|---|---|
| سەدا چەند لە کتێبی پیرۆز | ٤٣ % | ٣٣ % | ٢٤ % |
| ڕێکار | گێڕانەوە و دواندنی کەسەکانی چیرۆك | گۆرانی و هۆنراوە و هێما | دەربڕینی ڕاستی و شی کردنەوە |
| ئامانجی سەرەکی | دەر هێنانی مانا لە مێژووی ڕابردوو | دروستکردنی ئەزموونێك | گەیاندنی ڕێنوێنی |
| چۆن سەرنج ڕا دەکێشێت | کەسایەتی / ئەزموون / تامەزرۆیی | خەیاڵ / دەروون / هەستەکانی دڵ | بیر و هۆش / زیرەکی / لۆژیك |
| لە چی پێك دێت | چیرۆکی مێژوویی<br>چیرۆکی هێمایی<br>چیرۆکی نموونەیی<br>چیرۆکی ئاشکراکردنەوە | هۆنراوەی خەمخواردن<br>هۆنراوەی سوپاسگوزاری<br>هۆنراوەی ستایشکردن<br>هۆنراوەی شاهانە<br>هۆنراوەی گەشتیاران (زەبووری ١٢٠ تا ١٣٤) | یاسا<br>ووتار<br>نامە<br>نووسینی ژیرمەندی |
| چەند نموونەیەك | پەیدابوون ١٢ / ڕائووس / دانیال ٣ / لۆقا ١٥: ١١ – ٣٢ / گەلاتیا ١ : ١١ – ٢ : ١٤ / ئاشکراکردن ١٢ | دەرچوون ١٥ / ڕابەران ٥ / ئەیوب ٣-٤١ / زەبوور ٧٧ / ئیشایا ٥٦ / شینەکانی یەرمیا / فیلیپی ٢ : ٦-١١ / یەکەم یۆحەنا ١٢-١٤ / ئاشکراکردن ١٨ | لێڤییەکان ١٢ / دووەم پوختەی مێژوو ٧ : ١٢-٢٢ / ژیرمەندی ٩ / حزقیێل ٢٢ / مەتا ٥-٧ / کردار ٢٢ / ڕۆما / یاقوب |

# یەکەم جۆری ئەدەبی: گێڕانەوەی چیرۆك

## سیفاتەکانی چیرۆك

- چیرۆکێك دوو ڕێکاری نووسینی هەیە : (١) گێڕانەوەی نووسەر و (٢) دواندنی کەسەکان لەناو چیرۆك.
- هەندێك چیرۆك ڕووداوێکی ڕاستی دەگێڕێنەوە و هەندێکی دیکەش ڕووداوێکی خەیاڵی دەگێڕێنەوە.
  - نموونەیەکی ڕاستی : (چیرۆکی ژیانی مەسیح) ؛ نموونەیەکی خەیاڵی : (چیرۆکی سامیرییە باشەکە - لۆقا ١٠:٢٥-٣٧)
- گرنگە بزانین کە هەر چیرۆکێك بە خۆی ڕووداوێك نیە بەڵکو وەسفکردنی ڕووداوێکە. کاتێك چیرۆکێکی کتێبی پیرۆز دەخوێنینەوە پێویستە لەخۆمان بپرسین: ئایا ئەم چیرۆکە چەندە ڕەمزییە و واقیعییە؟

## پێکهاتنی چیرۆك

- کەسانی چیرۆك
  - چیرۆکبێژێك دوو ڕێگەی هەیە بۆ وەسفکردنی کەسەکانی چیرۆك : (١) وەسفی ڕاستەوخۆ و (٢) وەسفی ناڕاستەوخۆ.
    - نموونەیەکی ڕاستەوخۆ : (یەکەم ساموئێل ١٦:١٢) ؛ نموونەیەکی ناڕاستەوخۆ : (یەکەم ساموئێل ١٧:٣٢)
  - زۆربەی کەسەکان لەناو چیرۆکەکانی کتێبی پیرۆز کەموکوڕی و گوناهیان هەیە. تەنانەت پێغەمبەر و پاڵەوانەکان گوناه دەکەن وەك موسا و داود. بەم شێوەی نووسەرەکانی کتێبی پیرۆز زۆر ڕاستگۆ بوون.
    - هەندێك کەس بەرەو باشی دەچن وەك پۆلس و هەندێکیش بەرەو خراپی دەچن وەك سلێمان.
    - تەنها یەك مرۆڤێك هەبووە کە کەموکوڕی نەبوو و گوناهیشی نەکرد، ئەوەی کە پاشای ئێمەیە.
- نەخشەی چیرۆك
  - **کێشە و چارەسەر :** وەك هەر چیرۆکێکی باش، چیرۆکەکانی کتێبی پیرۆز کێشە و چارەسەرییان تێدایە.
    - نموونەیەکی گشت : کێشەی گوناه و مردن بە ئیش و کاری مەسیح چارەسەر دەکرێن.
    - نموونەیەکی تایبەت : کێشەی دەرچوون ٣٤:٤٠-٣٥ و لێڤییەکان ١:١ لە سەرژمێری ١:١دا چارەسەرکراوە.
  - **چیرۆك لە ناو چیرۆك :** کتێبی پیرۆز یەك چیرۆکی گەورە و گشتی هەیە بەڵام ئەو چیرۆکە زۆر چیرۆکی بچوك لەخۆ دەگرێت و ئەوانیش چەندین چیرۆکی بچووکتریان تێدایە.
    - نموونە : چیرۆکی کتێبی پیرۆز --> پەیمانی کۆن --> ساموئێل\پاشایان --> ژیان داود --> کوشتنی گۆلیات
  - **شوێنی چیرۆك :** زۆرجار شوێنی چیرۆکێك مانای چیرۆکەکەمان بۆ ئاشکرا دەکات.
    - نموونە : ئەگەر کەسێك بچێتە ناو بیابان، دەزانین دوای ماوەیەك تاقی دەکرێتەوە یان دەنگی خودا دەبیستێت.
  - **کاتی چیرۆك :** دەبێت تێبینی وەختی چیرۆك بکەین. بە خێرایی تێدەپەڕێت یان بە هێواشی؟
    - نموونە : تێپەڕبوونی کات لە پەیدابوون ١-١١ زۆر خێراترە لە تێپەڕبوونی کات لە پەیدابوون ١٢-٥٠.

## تایبەتمەندیەکانی چیرۆکی عیبری

- بە گشتی نووسەرە عیبرانتەکان بە شێوەیەکی پوخت چیرۆکیان دەگێڕایەوە. زیادەڕۆیان نەدەکرد. بۆیە هەموو شتێك کە پێمان دەڵێن گرینگە هەر چەندە ئەگەر وردەکارییەکی بچووکیش بێت
  - نموونە : وردەکارییەکانی لەدایکبوونی عیسۆ و یاقوب لە پەیدابوون ٢٥:٢٤-٢٦
- بە گشتی نووسەرە عیبرانییەکان بە ستایلێکی دووبارە چیرۆکیان دەگێڕایەوە. ئەم ستایلە دوو هۆکاری هەبوو.
  - هۆکاری یەکەم : دووبارە گووتنەوە بە سودە بۆ لەبەرکردن و گێڕانەوەی چیرۆکێك بەبێ کتێب.
  - هۆکاری دووەم : دووبارە گووتنەوە سەرنجی خوێنەرەکە ڕادەکێشێت بۆ مانای چیرۆکەکە.
    - نموونە : جەختکردنەوە سەر چاکەی دروستکردنەکانی خودا لە پەیدابوون ١

## شێوازی نەخشەی چیرۆکەکانی کتێبی پیرۆز (پەیوەست بوونی چیرۆکەکان بە یەکتر)

- نووسەر و سەرنووسەرەکانی کتێبی پیرۆز چیرۆکەکانیان دەنووسی بە شێوەیەکی پەیوەندیی ئەنقەستی. هەر چیرۆکێك کە نووسییان پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئەو چیرۆکانە کە پێشتر نووسرا بوون. بۆ ئەم بنەمایەی نووسین دەڵێین ‹‹ شێوازی نەخشە ››.
- شتێکی باوە لەناو کتێبی پیرۆز کە نەخشەیەك زۆر جار لە چیرۆکەکان هەڵ دەکەوێت. هەندێك نموونە :
  - رزگارکردن بەناو ئاو : (داهێنانی جیهان ؛ ڕزگار کردنی نوح ؛ لەدایك بوونی موسا ؛ دەرچوونی ئیسرائیل لە میسر ؛ ئاو هەڵکێشانی باوەڕداران)
  - تاقیکردنەوە : (ئادەم و حەوا ؛ ئیبراهیم ؛ گۆلکە زێڕەکە ؛ عاخان ؛ عیسای مەسیح لە بیابان)
  - دۆزینەوەی بووك لە لای بیرێك : (ڕڤقە ؛ ڕاحێل ؛ چیپۆرە)
- چۆن دەزانین کە دوو چیرۆك پەیوەستن بەیەکتر؟ شێوازی ڕوونکردنەوەی چیرۆکەکان وەکو یەکن.
  - (١) وشەکاری چیرۆکەکان ؛ (٢) ڕەفتاری کەسەکان لە ناو چیرۆکەکان ؛ (٣) شوێن یان بۆنەی چیرۆکەکان.
- هۆکاری شێوازی نەخشە
  - ئەم نەخشانە یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی باشتر لە چیرۆکەکان تێ بگەین چونکە پەیوەندی دروست دەکرێت لەنێوان چیرۆکە کۆنەکان و چیرۆکە نوێترەکان. بەوشێوەیە چیرۆکەکان یەکتر لێك دەدەنەوە. دەبێت لەخۆمان بپرسین : ئایا ئەم چیرۆکە چۆنە وەك ئەوەی پێشتر و بە چ شێوەیەك جیاوازە؟
- لە هەمان کاتدا پێویستە ئاگادار بین تاکو نەخشەیەك نەبینین لەو شوێنە کە بوونی نیە. چۆن خۆمان بپارێزین لەم هەڵەیە؟ بە لێکدانەوەی چیرۆکەکانی کتێبی پیرۆز بە شێوەیەکی کۆمەڵی لەگەڵ باوەڕدارەکانی دیکە.

## ڕاهێنان – چیرۆکی شێوەگۆڕانی عیسای مەسیح لە (لۆقا ٢٧:٩ - ٤٣)

- کاتێك ئەم چیرۆکە دەخوێنیتەوە چ چیرۆکێکی تر لە پەیمانی کۆنەوە بە بیرت دێتەوە؟
- لۆقا چۆن کەس و شوێن بەکار دەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی ئەم چیرۆکە؟
- وشە تایبەتەکان چین لەم چیرۆکەدا کە ئاماژە بە پەیمانی کۆن دەکەن؟
- زانینی شێوازی نەخشەی ئەم چیرۆکە چۆن یارمەتیمان دەدات بۆ لێکدانەوەی ئەم بەشەی کتێبی لۆقا؟

## ڕێنمای بۆ لێکدانەوەی چیرۆکەکانی کتێبی پیرۆز

- تێبینی ئەوشتانە بکەین : کەس و شوێن و کاتی چیرۆکەکە.
- لەخۆمان بپرسین : ئەم چیرۆکە چۆن پەیوەستە بە کتێبەکەی؟ چۆن پەیوەستە بە هەموو کتێبی پیرۆز؟
- لەخۆمان بپرسین : ئەم چیرۆکە شێوازی نەخشەی تێدایە؟ ئەم چیرۆکە ئاماژە بە چیرۆکێکی کۆنتر دەکات؟ ئەم زانیاریە چۆن مەبەستی چیرۆکەکە ڕوون دەکاتەوە؟
- لە پەیمانی کۆندا پێویستە مانای ڕەسەنی چیرۆکەکە تێبگەین پێشەوەی مانایەکی مەسیحی دەر بهێنین. ئەگەر بیری بیسەر و خوێنەری ڕەسەن نەکەینەوە، هەڵە دەکەین بە لێکدانەوە. دوای ئەوەی لە مانایە ڕەسەنەکە تێدەگەین ئاساییە باسی مەسیح بکەین بە ڕێکارێکی تەواو (وەك پردێکی جوان و دروست).
- بە گشتی چیرۆکەکانی کتێبی پیرۆز زۆر گرنگن بۆ تێگەیشتن لە سروشتی خوداوەند و سروشتی مرۆڤ.
  - کەسایەتی خوداوەند لەم چیرۆکەدا چۆنە؟ چۆن دڵ و ڕەفتاری خۆمان وەك دڵ و ڕەفتاری خودا لێ بکەین؟
- ئەگەر لە چیرۆکەکانی کتێبی پیرۆز باشتر تێبگەین، ئێمە لە چیرۆکەکانی خۆمان باشتر تێ دەگەین.

# دووەم جۆری ئەدەبی: هۆنراوە

## سیفاتەکانی هۆنراوە

- زۆر زەهمەتە پێناسەیەك بنوسین بۆ (هۆنراوە) چونکە ئەدەبی هۆنراوە زۆر هونەرییە و لەبەر ئەوە پابەند بە یاسا نیە.
- ئامانجی هۆنراوەیەك ئەوەیە : ئەزمونێکی نوێ دروست بکات بۆ خوێنەر و بیسەرەکانی.
- بە گشتی ئەدەبی هۆنراوەیی وەسفی شتێك یان ڕووداوێك دەکات بە شێوازێکی خەیاڵی و هێمایی.
- لە هەر کلتورێك هۆنراوە دەنوسرێت بە شێوەیەکی تایبەت. لە کلتوری عیبرانییەکانیش هەر وا بوو.
- بە پێچەوانەی ئەدەبی پەخشانی، ئەدەبی هۆنراوەیی ئازادە تاکو یاساکانی ڕێزمان و لۆژیك بشکێنێت.

## تایبەتمەندیەکانی هۆنراوەی عیبری

- **جۆرە تایبەتەکان :** کتێبی پیرۆز زۆر جۆرە هۆنراوەی تێدایە بەتایبەتی لە بەشی زەبوورەکان.
- **وشەکاری :** بە گشتی هۆنراوەیەك نەنووسراوە بە زمانێکی حقیقی و واقەعی بەڵکو بە زمانێکی هێمایی و مەجازی نوسراوە.
- **پێکهاتە :** بە گشتی هۆنراوەکانی عیبری ئامێری وەزن و قافیە بەکار ناهێنن بەڵکو بە پێکهاتەیەکی دیکە نووسراون. هۆنراوەکای عیبری جووت بە جووت نوسراون.

## پێکهاتەی جووت بە جووت

- پێکهاتەی جووت بە جووت ئەوەیە کە نوسەرەکە ڕستەکانی هۆنراوە دوو بە دوو دەنوسێت. یەکەم ڕستە و دووەم ڕستە پەیوەستن بە یەکتر. سێیەمیش لەگەڵ چوارەم پەیوەندی هەیە. پێنجەمیش لەگەڵ شەشەم، هەتا دوای...
- کە لە پەیوەندیی جووتەکان تێ دەگەین مانای ڕستەکانیش بۆمان ڕوون دەبێتەوە. چوار جۆری سەرەکی هەیە لە هۆنراوەکانی عیبری بۆ پەیوەندیبوونی ڕستەیە جووتەکان :
  - **هاوتا –** مانای یەکەم ڕستە و مانای دووەم ڕستە زۆر لێك نزیکن، بەڵام وشەکارییان جیاوازە. ڕستەکان یەکتر ڕوون دەکەنەوە. [نموونە : زەبووری ١:٥١]
  - **پێچەوانە –** مانای دووەم ڕستە پێچەوانەیە لەگەڵ مانای یەکەم ڕستە. زۆربەی جار دووەم ڕستە دەست دەکات بە وشەی (بەڵام) یان (بەڵکو). [نموونە : پەندەکان ٧:٢٩]
  - **هێما –** یەکێك لە ڕستەکان بنەمایەك دەر دەبڕێت و ئەوەی دیکە ڕوونکردنەوەیەکی هێمایی پێشکەش دەکات. زۆر جار یەکێك لە ڕستەکان دەست دەکات بە وشەی (وەك). [نموونە : پەندەکان ١١:٢٦]
  - **پێشکەوتن –** یەکەم ڕستە بیرۆکەیەك دەر دەبڕێت و دووەم ڕستە بیرۆکەکە بەرەو پێش دەبات. [نموونە : زەبووری ١٣:٥١]

## ڕاهێنان – ئایەتەکان بخوێنەوە و بڕیار بدە هەر ئایەتێك چ جۆرێکی جووت بە جووتی بەکار هێناوە.

**زەبووری ١٣:٢٢**

وەك شێری دڕندەی بە نەڕەنەڕ،<br>
ددانیان لێ تیژکردوومەتەوە.

**زەبووری ١:٢٣**

یەزدان شوانی منە،<br>
پێویستم بە هیچ نابێت.

**زەبووری ٤:١٢٧**

وەك تیری دەستی پاڵەوان،<br>
ئاوان کوڕانی مرۆڤی گەنج.

**زەبووری ١٨:١٣٢**

شەرمەزاری دەکەمە بەر دوژمنەکانی،<br>
بەڵام تاجەکەی سەر ئەو شکۆفە دەکات.

**زەبووری ٤:٨**
مرۆڤ چییە تاکو بیری لێ بکەیتەوە؟
کوڕی مرۆڤ چییە تاکو بایەخی پێبدەیت؟

**پەندەکان ٢٢:١٧**
دڵی شادمان تەندروستی دەبەخشێت،
بەڵام ڕۆحی تێکشکاو ئێسك وشك دەکات.

## ڕێنمای بۆ لێکدانەوەی هۆنراوەکانی کتێبی پیرۆز

- یەکەم جار هۆنراوەکە بخوێنەوە و تێبینی ئەو هەستانە بکە کە هەستت پێ کردوە. هۆنراوەکە چ ئەزمونێك دروست دەکات بۆ خوێنەرەکانی.
- دوبارە هۆنراوەکە بخوێنەوە بەڵام ئەم جارە بە وردی لێ بکۆڵەوە بۆ ئەوەی بزانیت بڕیارەکانی نوسەرەکە چی بوون.
  - ئەو هۆنراوەیە چ جۆرێکی هۆنراوەیە؟ جۆرەکە چۆن کاریگەری هەیە لەسەر مانای هۆنراوەکە؟
  - نوسەرەکە لە چ بارودۆخێك هۆنراوەکەی نووسی؟ خوێنەرە ڕەسەنەکان کێ بوون؟
  - نوسەرەکە چ وشە و وێنەیەك بەکار دەهێنێت بۆ وەسفکردنی ڕووداوەکە یان ئەزمونەکە؟
  - نوسەرەکە چۆن زمانی مەجازی و هێمایی بەکار دەهێنێت بۆ وەسفکردنی ڕووداوەکە یان ئەزمونەکە؟
  - هۆکاری نوسەرەکە چیە بۆ ئەم هۆنراوەیە؟ هۆنراوەکە هەست و بیر و کاردانەوەیەکی تایبەت دروست دەکات لەناو دڵ و ژیانی خوێنەرەکە؟
- پاشەوەی هۆنراوەکەت لێ کۆڵیەوە سێیەم جار بیخوێنەوە. ئەم جارە زیاتر تێدەگەیت چونکە خۆت شارەزات کرد بە سیفات و هۆکارەکانی نوسەرەکە.

## چۆن بنەماکانی هۆنراوەکانی کتێبی پیرۆز جێبەجێ بکەین؟

- هەندێك جار بیرمان وایە کە هەر دەقێکی کتێبی پیرۆز پێویستە باوەڕ و کردارمان بگۆڕێت. هۆنراوەکانی کتێبی پیرۆز کاریگەری هەیە لەسەر ئەم شتانە بەڵام لەڕاستیدا زۆربەی هۆنراوەکان جەخت لەسەر دروستکردنی ئەزمونێکی نوێ دەکەن تاکو دڵ و ڕوانگەی خودا باشتر بناسین و دڵ و ڕوانگەی خۆمان بگۆڕدرێن.
- ئەگەر حەز بکەین هۆنراوەکانی کتێبی پیرۆز کاریگەرییان هەبێت لەسەرمان دەبێت بیانخوێنینەوە و لێیان تێبگەین.
- بۆ هەموو جۆرە ئەدەبیەکانی کتێبی پیرۆز گرینگە کە ئێمە بەدەنگەوە بیانخوێنینەوە تەنانەت ئێمە بەتەنیاش بین. ئەم بنەمایە ڕاستریشە بۆ هۆنراوەکان.
- لێکدانەوەی هۆنراوەیەك پشت بەوە دەبەستێت : هۆنراوەکە لە ناو کامە لە بەشە گەورەکانی کتێبی پیرۆز دانراوە؟
  - **کتێبەکانی پێغەمبەرەکان** – نیاز و ئامانجی پێغەمبەرەکانی گەلی ئیسرائیل ئەوە بوو کە بەرەنگاری گوناهەکانی ئیسرائیل بکەن و وەسفی هیوایەتی ئەوانەی بکەن کە دڵسۆز بوون بۆ یەزدان. کە هۆنراوەی ئەوان بخوێنینەوە دەبێت لە دڵی خۆمان بکۆڵینەوە تاکو بزانین ئەگەر گوناهێکی تێدابێت. پێویستە تۆبە لەو گوناهە بکەین و هیوایەتی خۆمان بە دڵسۆزی خوداوەند بچەسپێنین.
  - **کتێبەکانی دانای** – هۆنراوەکانی دانای (وەك پەندەکانی سلێمان) بەو نیاز و ئامانجە نووسراون کە خوێنەرەکە بزانێت دانای خودا چیە و بەگشتی سیفاتەکانی جیهانمان چینە. کە ئەو هۆنراوانە بخوێنینەوە دەبێت لەخۆمان بپرسین ئایا کەسێك کە دڵسۆزە بۆ یەزدان چۆن لەم جیهانەدا دەژی.
  - **زەبوورەکان** – بە گشتی زەبوورەکان تەرکیز لەسەر ئەو پەیوەندیە دەکەن کە لەبەینی خودا و شاعیرەکە. زەبوورێك ڕوانگە و هەست و ویستی شاعیرەکە دەر دەبڕێت لە گوێی خوداوەند. کە بگەینە ئەو گۆڕانیانە پێویستە بە شێوەی نوێژەوە بخوێنینەوە و چاوەڕێ وەڵامی خودا بکەین.

## سێیەم جۆری ئەدەبی: نووسینی ڕاستەوخۆ (یاسا و نامە)

### سیفاتەکانی نووسینی ڕاستەوخۆ

- پێناسە : ئەو نووسینانە کە پەیامەکانیان دەر نابڕن بە چیرۆك و هۆنراوە بەڵکو بە قسەی ڕاستەوخۆ. ئەم جۆرە ئەدەبییە یاساکانی تەورات و نامەکانی پەیامی نوێ لە خۆ دەگرێت.
- نووسینێکی ڕاستەوخۆ بە پێکهاتەی لۆژیکی ڕێکخراوە. نووسەرەکە هەنگاو بە هەنگاو مشتومڕی خۆی پێشکەش دەکات یان باسی بابەتێکی تایبەت دەکات. بە تەمایە خوێنەر و بیسەرەکانی بە شێوەیەکی ڕوون لە مەبەستەکەی تێ بگەن.
- هەرچەندە ئەم نووسینانە بەخۆیان چیرۆك نین ئەوان هەر لەسەر بناغەی چیرۆکی گشتی کتێبی پیرۆز دامەزراون. ئەگەر شارەزا نەبین بەم چیرۆکە ناتوانین بە باشی لە یاسا و نامەکان تێ بگەین.

### گرنگی چوارچێوەی نامەکانی پەیامی نوێ

- بیری کاتێك بکەرەوە کە گوێت لە دەنگی برادەرێکت بوو کە بە تەلەفۆنێك قسەی دەکرد لەگەڵ کەسێکی دیکە و هەروەها نەتدەتوانی گوێت لە دەنگی کەسەکەی تر بێت. بەم شێوەیە گوێت لە نیوەی گفتوگۆیەك بوو. کە نامەکانی پەیمامی نوێ دەخوێنینەوە (وەك نامەکانی پۆڵس) بارودۆخی ئێمە هەر وایە.
- لەبەر ئەم بارودۆخەی ئێمە، پێویستە توێژینەوە بکەین تاکو بزانین کلتور و مێژووی ئەو باوەڕدارانە چۆن بوو کە یەکەم جار نامەکەیان وەرگرت.
- فەرمان و ڕێنماییەکانی ئەم نامەیانە بە تایبەتی ئاراستە بوون بۆ خوێنەر و بیسەرە ڕەسەنەکان. ئێمەش سودی دانایی وەر دەگرین لەم فەرمانانە لەبەر ئەوەی هەر ئایەتێك کە لە ئینجیلدایە بنەما و ڕاستی هەمیشەیی تێدایە. بەڵام هەندێك لە فەرمانەکان جێبەجێ ناکەین بە شێوەیەکی حەقیقی چونکە چوارچێوەمان لەچوارچێوەی خوێنەر و بیسەرە ڕەسەنەکان جیاوازە.
  - زاناکانی کتێبی پیرۆز زۆر گفتوگۆ دەکەن لەسەر ئەم پرسیارە – ئایا کامە لە فەرمانەکان یاسایەکی کاتی بوون و کامەیان یاسایەکی هەمیشەیی بوون. بۆ نموونە لە (یەکەم کۆرنسۆس ١١:٢-١٦) پۆڵس باسی داپۆشینی قژی ئافرەت دەکات. ئایا دەبێت ژنەکانی کاتی ئێمەش ئەو فەرمانە جێبەجێی بکەن؟ لە کلتوری سەردەمی پۆڵس داپۆشینی قژ مەبەستی چی بوو؟ لە کلتوری ئێستاش مەبەستی چیە؟ پێویستە دانایی رۆحی پیرۆز بەکار بهێنین بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە.
  - ئەگەر فەرمانێك ئاراستەی کەسێك یان کۆمەڵگایەکی تایبەت بکرێت یان ئەگەر گرژی دروست دەکات لەگەڵ زۆربەی فەرمانەکان لە پەیمامی نوێدا، ئەگەری زۆرە کە ئەم فەرمانە کاتی بوو بن. بەڵام ئەگەر فەرمانێك زۆر جار لە پەیمانی نوێ نووسراو بێت یان لە قسەی عیسای مەسیح هاتووە ئەگەری زۆرە کە ئەم فەرمانە هەمیشەییە. هەر چۆنێك بێت هەر یەکێکیان بنەمایەکی هەمیشەیی تێدایە.

**ڕاهێنان – گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەن کە هەر فەرمانێك یاسایەکی هەمیشەییە یان نا. ئەگەر نا بنەمای هەمیشەییەکە چیە؟**

(یەکەم کۆرنسۆس ٦:١٨-٢٠) ؛ (١٤:٣٤-٣٥) ؛ (یەکەم تیمۆساوس ٥:٢٣) ؛ (٦:١٧-١٩)

### ڕێنمای بۆ لێکدانەوەی نووسینی ڕاستەوخۆ

- هەندێك کات تەرخان بکە بۆ توێژینەوەکردنی چوارچێوەی دەقەکە – لە ڕووی کلتور، مێژوو، سیاسەت، ئەدەبی.
  - نووسەرەکە کێ بوو و بیسەرە ڕەسەنەکان کێ بوون؟ لە چ سەردەمێك ئەم بەشە نووسرا.
  - بە هۆی چ بارودۆخێك ئەم نووسینە نووسرا؟ نووسەرەکە هەوڵ دەدات کێشەیەك چاك بکاتەوە یان ئاگاداری خەلك بکاتەوە؟
- تەرکیز بکە لەسەر پێکهاتەی لۆژیکی ئەم کتێبە. ئەم پەڕەگرافە چۆن پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئەوانەی تر؟
  - نابێت ئایەتێك لێك بدەینەوە بە بێ ئاگاداربوونی چوارچێوەکەی (نموونە : فیلیپی ٤:١٣)
- لە خۆمان بپرسین: بنەمایە گشتیەکەی نووسەرەکە چیە؟ لەو کاتە بیسەرەکان چۆن جێبەجێیان کرد؟ ئێستاش چۆن جێبەجێ بکەین؟

# دەرئەنجام

**‹‹ ڕێکارەکە بەخۆی پەیامیشە ›› (مارشاڵ مکلوهان)**

- هەر نووسەرێك بە قەست جۆری ئەدەبیی خۆی هەڵ دەبژێرێت بۆ دەربڕینی پەیامەکەی.
- ئەگەر ئێمە جۆرە ئەدەبیەکەی نووسینێك پشت گوێ بخەین زەرەر لە خۆمان دەدەین لە ڕووی تێگەیشتن و لێکدانەوە.
- هەر چەندە ئەگەر مەبەستە سەرەکیەکەمان وەرگرتوە لە بەشێکی کتێبی پیرۆز نابێت جۆرە ئەدەبیەکەی ئەم بەشە لە بیر بکەین. مەبەستی بەشێك جۆرە ئەدەبیەکەی لە خۆ دەگرێت و ئەم شێوازەی نووسین گرنگە بۆ بلاوکردنەوەی مەبەستەکە.

**ئەرکی زاناکان – خۆ شارەزاکردن بە ئەدەبی دێرین**

- ئەگەر زانایەك ئارەزووی هەبێت باشتر تێ بگات لە نووسینەکانی کتێبی پیرۆز سود لەوە وەر دەگرێت کە شارەزا بێت بە نووسینەکانی دیکە کە لە سەردەمی دێرین نووسران. پاشان دەتوانێت ئەم کتێبانە لەگەڵ کتێبی پیرۆز بەراورد بکات تاکو بزانێت چۆن لێك جیاوازن و چۆن وەك یەکترن.
  - زانایەك لە پەیدابوون (١-١١) باشتر تێ دەگات ئەگەر کتێبە دێرینەکان بخوێنێتەوە کە چیرۆکی بەدیهێنانی جیهان و لەفاوی جیهانییان تێدایە وەك (کتێبی **ئەنوما ئەیلیش** و کتێبی **ئاترەهاسیس**)
  - زانایەك لە یاساکانی تەورات باشتر تێ دەگات ئەگەر یاساکانی دێرین بخوێنینەوە وەك (**یاساکانی هامورابی**)
  - زانایەك لە نامەکانی پەیمانی نوێ باشتر تێ دەگات ئەگەر هەندێك نامە بخوێنێتەوە کە لە سەردەمی ئیمپراتۆری ڕۆما نووسران وەك (نامەکانی سیسەرۆ یان سێنەکە)
  - زانایەك لە چوار کتێبە مزگێنیەکان (واتە مەتا، مەرقۆس، لۆقا، یۆحەنا) باشتر تێ دەگات ئەگەر هەندێك ژیاننامە بخوێنێتەوە کە لە هەمان سەردەم نووسران وەك (کتێبی **ژیانە بەراوردەکانی** پلوتارخ)
  - زانایەك لە بینینەکانی دانیال و یۆحەنا باشتر تێ دەگات ئەگەر کتێبە ئاشکراکردنەوەکان بخوێنێتەوە کە لە سەردەمی دووەم پەرستگای جوولەکەکان نووسران وەك (**یەکەم حەنۆخی** یان **چوارەم عەزرا**)
- هەموو کەسێك ئەوەندە توانا و کاتی نیە تاکو هەموو ئەم کتێبانە بخوێنێتەوە، بەڵام گرنگە ئەوانەی کە حەز و مەجالیان هەیە (واتە زاناکان) ئەم کتێبانە بخوێنن و یارمەتیمان بدەن تاکو باشتر تێ بگەین لە ئەدەبی دێرین. هەروەها دەبێت ئێمەش گوێی بە قسە و دانایی ئەوان بدەین کە بە شێوەیەکی قووڵ و ڕاست توێنژینەوە دەکەن لەبەر خاتری بەرژەوەندی ئێمە.
- بۆ هەموو کەسێك: هەر کاتێك بەشێکی ئەدەبی دەخوێنینەوە، دەبینە خوێنەرێکی باشتر. دەبێت خووی خوێندنەوە وەر بگرین.

**ڕێنمای پوخت و گشتی – ئەم پرسیارانە لە خۆت بپرسە پێش دەقەیەك لێك بدەیتەوە**

- چوار چێوەی مێژووی ئەم بەشە چیە؟ لە کوێ و لە چ کاتێك نووسرا؟ (بۆ ئەم پرسیارانە نووسینەکانی زاناکان زۆر بە سودن)
- چوار چێوەی ئەدەبیی ئەم بەشە چیە؟ بەشە پێش و پاشەکان سەبارەت بە چین؟
- ئەم بەشە بە شێوەی چ جۆرە ئەدەبییەك نووسراوە و کاریگەری ئەو ستایل و شێوازە چیە بۆ لێکدانەوەی بەشەکە؟

**فێربوونی بەردەوام**

- زۆر گرنگە بزانین کە هەمیشە دەرفەتێکمان هەیە شتێکی نوێ فێر بین. لەسەر پەروەردەمان هیچ سنوورێك دا نەناوە. تەنانەت پرۆفیسۆرێکی بەتەمەن بەردەوامە لە فێربوون بۆ درێژای ژیانەکەی.
- سەرچاوەی هەموو فێربوونی ئێمە ڕۆحی پیرۆزە کە یارمەتیدەرمانە. خوداش چەند ڕێکارێك بەکار دەهێنێت بۆ پەروەردەکردنی ئێمە کە بریتین لە کتێبی پیرۆز و برا و خوشکەکانمان و زاناکان و ئەزموونی خۆمان.
- داوا لە خودا دەکەم کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پێش بچین لە ڕووی ناسینی مەسیح و زانینی کتێبی پیرۆز.

# سەرچاوەکانی توێژینەوە


Alter, Robert. *The Art of Biblical Narrative*. Basic Books, 2011.

Alter, Robert. *The Art of Biblical Poetry*. Basic Books, 2011.

Capes, David B., Rodney Reeves, and E. Randolph Richards. *Rediscovering Paul: An Introduction to His World, Letters, and Theology*. 2nd ed. IVP Academic, 2017.

Fee, Gordon D., and Douglas Stuart. *How to Read the Bible for All Its Worth*. 4th ed. Zondervan Academic, 2014.

Klein, William W., Craig L. Blomberg, and Robert L. Hubbard Jr. *Introduction to Biblical Interpretation*. 3rd ed. Zondervan Academic, 2017.